## تەنیا لووتکەی شاخێکی سەهۆڵین؟

نزیکەی هەموو ڕۆژێک هەواڵمان لەسەر تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش) پێدەگات. ئیسلامیزمی ڕادیکاڵ لە ڕێگەی کردەوە توندوتیژەکانی ئەم تاقمە تیرۆریستییەوە گەیشتووەتە ڕەهەندێکی نوێ. بەدەگمەن هیچ بابەتێکیتر لەمڕۆدا ئەوەندە بە چڕی پەیوەندیمان پێوە ناکات - بەداخەوە ناتوانرێ گریمانە بکرێت کە ئەم دۆلپایە بەم زووانە کۆتایی پێدێت یان نا. گومانی تێدا نییە پێویستە و دەبێ چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە. بەڵام چلۆن دەبێ ئەم مشتومڕە بە شێوەیەکی بەرهەمدار بەڕێوەبچێت؟ چۆن دەتوانین ببینە هۆی ئەنجامێکی یارمەتیدەری درێژخایەن؟

بێگومان ماوەیەکی زۆرە بۆمان ڕوون بۆتەوە مەترسی ڕادیکالیزمی ئیسلامی تەنانەت لە ئاڵمانیاش کاریگەریی لەسەر مرۆڤ دادەنێ. هەروەها نەک هەر لەبەر ئەوەی ئەگەری هێرشەکان لەناو ئەورووپادا زیاتر و زیاتر ئامادەکاریی بۆ دەکرێت و بە شێوەیەکی دڕندانە وەك هێرشەکانی پاریس لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٥، هەروەها ئەو هێرشەی لە

کۆپنهاگن و تیرۆری ساڵی پێشووی برۆکسل بەڕێوەچوو، ڕەهەندێکی نوێی بەخۆیەوە دەگرێ.

بەڵام ئێمە بە تایبەتی کاریگەریمان لەسەرە چونکە ئیسلامیزم لێرەدا ڕەگی داکوتاوە. سەلەفییەکان لەبەردەم قوتابخانەکان و لەسەر ڕێگای هاتوچۆی مرۆڤ دۆزی خۆیان بەرەوپێش دەبەن - و پڕوپاگەندەکانیان گەلێك کاریگەرە. ژمارەی ئەو گەنجانەی ئامادەن بۆ بیروباوەڕی ڕادیکاڵی خۆیان لەشەڕدا بەشداریی بکەن، بەردەوام لە زۆربووندایە. بە مەزەندەی فەرمی کە نزیکەی ٧٠٠ گەنج و تەنانەت کیژیش ئاڵمانیایان بۆ چوونە ناو جیهاد بەجێهێشتووە، بە دڵنیاییەوە ژمارەکەی گەلێك لەوە زیاترە و تا ئێستا لانیکەم ژمارەیەک لە نێوان ١٥٠٠ بۆ ١٨٠٠ گریمانە دەکرێت. هەروەها ژمارەی سەلەفییەکانیش زیادی کردووە. بە خەمڵاندنی من لە ئێستادا نزیکەی ١٠ هەزار کەسی چالاکیان هەیە. بەڵام ژینگەی هاوسۆزەکانیان چەند هێندە گەورەترە.

کەواتە کاتێک باسی مرۆڤە ڕادیکاڵەکان دەکەین سەرەتا پێویستە بپرسین: ئێمە لە ڕاستیدا باسی کامیان دەکەین؟ بەڕای من کاتێک سەیری مرۆڤە ئایینیە ڕادیکاڵەکان دەکەین، دەبێ جیاوازی لە نێوان سێ گروپدا دابنێین: لە لوتکەی ئەم شاخە سەهۆڵینەدا گروپی وەک ئەلقاعیدە و

داعش وەستاون، کە کردەوە ترسێنەرەکانیان وەک هێرشەکانی پاریس یان کۆپنهاگن تەنانەت لە ئەوروپاشدا دەنگی داوەتەوە. هەروەها لەم گروپە لەڕادەبەدەر مەترسیدار و توندوتیژانە، دەتوانین بۆکۆحەرام کە دڕندەیی باوەڕپێنەکراو لە نەیجیریا بەڕێوە دەبات، ئەلشەباب کە لە سۆماڵی گەلێك زێدەڕۆن و حەماس و حزبوڵلا ناو بەرین.

قاتێك خوارتر ئیخوان ئەلموسلیمینە. تێگەیشتنێک لە ئایینی ئیسلام وەک ئەو تێگەیشتنەی ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا نوێنەرایەتی دەکات، سەر بەم پۆلەیە.

بەڵام بینینی گرووپی سێیەم گەلێك سەرنجڕاکێشە کە لە بناغەی بنی ئەم هەرەمە وەستاوە. ئەمانە ئەوانەن کە من ناوی وەچەی ئەڵلام لەسەر داناون - کەسانێک کە لە ناو ئێمەدا دەژین، ئەو گەنجانەی ڕەنگە تەنانەت سەلەفیزمیش ڕەت بکەنەوە، بەڵام بیرکردنەوە و هەندێک جاریش کردارەکانیان لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگاکەماندا ناگونجێت و لەگەڵ سیستەمی دیموکراتیکدا ناتەبایە. ئەم وەچەی ئەڵلایە بنەمای ڕادیکالیزم پێکدەهێنێت. بنەماکە گەلێك پان و بەرینە.

کاتێک لەم کتێبەدا باسی "وەچەی" ئەڵلا دەکەم، مەبەستم ئەوانەیە کە ڕەنگە لە فۆکۆسی فەرمانگەی

پاراستنی دەستووری دەوڵەتدا ناویان نەبێ، چونکە لە ڕێگەی کردەوەی توندوتیژانەوە یان بە ئاشکرا، خۆیان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر کۆمەڵگاکەمان دەرنەخستووە، بەڵام ئایدیۆلۆژیی، ناوەڕۆک و بەهاکانی ئەم گرووپە ڕادیکاڵانەیان کردۆتە ڕێبازی خۆیان و ناسنامەی خۆیانی پێ دیاری دەکەن. هەندێک جار ڕەنگە تەنیا ئایدۆلۆژیا بەشێکی کارەکە بێ، بەڵام ئەمانە لە ئێستاوە بناغەی شێوازێکی بیرکردنەوە دادەڕێژن کە زۆر بە هاسانی لە مرۆڤێکی ئاساییەوە دەیانکاتە ئیسلامیستێکی زێدەڕۆ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی پشتگیری جیاکاریی نیزیکبوونەوەی پەیوەندیی نێوان کوڕ و کیژ دەکەن، مافی یەکسانی مرۆڤ ڕەتدەکەنەوە، باوەڕیان بە تیۆری پیلانگێڕی هەیە، هەڵوێستی دژە جوولەکەیان هەیە، هەموو گومانێک و پرسیارێکی سەبارەت بە ئایین ڕەتدەکەنەوە، ئەوانەی باوەڕیان بە خودایەکی تووڕە هەیە کە سزای بێباوەڕان بە دۆزەخ دەداتەوە، ئەوانەی ڕێزی ئەو مرۆڤانەی جیاواز بیردەکەنەوە بێبەها دەکەن، ئەمانە ئەو مرۆڤانەن کە دەبێ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ و هەڵوێستیان لەهەنبەردا بگیرێ، تەنانەت ئەگەر بە ئاشکرا دان بە ئیسلامیستبوونی خۆیاندا نەنێن.

هەروەها ئەو پرۆسە کاتییانەی ڕادیکاڵبوون کە مرۆڤ بە ئاسپایی و ویستی پێشتر دارڕژاوەوە خۆ دەخزێننە ناو کۆمەڵگاکەمانەوە، گەلێك مەترسیدارن. ئەوان لەلایەن دەسەڵاتی ئەمنی و تێڕوانینی گشتیدا بە کەم سەیر دەکرێن، چونکە بە ئاشکرا لە زاراوەی توندوتیژ کەڵك وەرناگرن و ڕاستەوخۆ باس لەو شتەی مەبەستیانە، ناکەن. هەروەها ئەو ناوەڕۆك و مانیفیستەی ئەم مرۆڤە ڕادیکاڵانە بانگەشەی بۆ دەکەن، گەلێك دژە دیموکراتیکە. لەسەر ئەم شێوازە ڕێگا بۆ توندڕەوی خۆش دەکەن و ئەوەش ڕێک ئەوەیە کە دەبێ بەرەنگاری ببینەوە. ئەگەر تەنیا لەو شوێنە دەست پێبکەین کە ئیسلامیزم خۆی لە کردەوەی توندوتیژیدا دەردەخات، ئەوا زۆر لەمێژە دۆڕاوین. هەر بۆیە بێ ئەملاو و ئەولا دەبێ هەڵسوکەوت لەهەنبەر نەوەی ئەڵلادا بکەین! چونکە نەوەی ئەڵلا ئەو حەوزە پڕ لە ئاوەیە کە ئیسلامیستەکان ماسی تێدا دەگرن.

من زانای ئایینی نیم، دەروونناسم و ساڵانێکە لەگەڵ گەنجان خەریکی پڕۆژەی کۆمەڵایەتیم، بۆیە باسێکی ئیلاهیاتیم لەسەر ئیسلامی تەیار بە ئایدۆلۆژیای سیاسی نابێت. بەڵام ناوی ئەو شێوازە سەرەکیانەی بیرکردنەوە و نیشانەی هەڵسوکەوتیان دەهێنم کاتێك لە ئاخافتن لەگەڵ گەنجەکاندا دەیناسمەوە. هەروەها هەوڵ دەدەم بگەمە

بنەمای ئەم تێبینیانە و پرسیار لەسەر چلۆنایەتی هاتنە ئارایان بکەم. لە کۆتاییدا، لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا، ئەو چەمکانە دەخەمەڕوو کە دەتوانرێت لە قۆناغێکی سەرەتاییدا لە ئاستی سەرتاسەری کۆمەڵگادا بەرەنگاری ئەم پێشهاتانە ببنەوە و ڕێگرییان لێبکرێت. لەو شوێنانەی بۆ ئەم خۆپاراستنە گەلێك درەنگ بووە، دەبێ چەمکێکی گونجاو لەبەردەست بن بۆ بەرگریکردنی گەنجان لە ڕادیکاڵکردنی ئامانجدار هەروەها بۆ وەرگرتنەوەی ئەو گەنجانەی پێشتر لە ناوخۆدا ماڵئاواییان لە کۆمەڵگەی دیموکراسیمان کردووە. پاشان دەمەوێ نیشان بدەم خۆ دەربازکردن لە ڕێگای ئایدۆلۆژیای ڕادیکاڵ دەتوانێت چۆن بێت.

بەم نووسراوەیە کە لەسەر بنەمای چەندین ساڵەی کارکردنم لەگەڵ گەنجان و دایک و باوکیان، ئەزموونەکانم وەک دەروونناسێک لەسەر چالاکییەکانم لە قوتابخانەکان و دواجاریش لەسەر ژیاننامەی خۆم دامەزراوە، حەز دەکەم لەم مشتومڕەدا بەشداریم کردبێ. کتێبەکە هەوڵێکە بۆ ڕێکخستنی ئەم باسە، ڕەنگە هەندێکجار سەرلێشێواو بنوێنێ، کە لە لایەک بە بێهەڵوێستی و بێ بایەخکردنی تەوەرەکەوە خوی خەریك دەکات و لەو لاشەوە بە ترساندنی مرۆڤ تایبەتمەندە.

بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە تایبەتمەندییەکانی دۆخی ئەمڕۆمان لەبیر بێت کە ئێمە تەنیا هەڵسوکەوت لەگەڵ چەند سەد گەنجێکی ئیسلامیدا ناکەین، بەڵکوو لەگەڵ تەواوی نەوەیەک کە بەر مەترسی بەهێزی ڕادیکاڵبوون کەوتووە و هەندێک لە ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژی ئەم ڕادیکالیزمەیان بە شێوەیەکی نزیک لەگەڵ سروشتی خۆیان و بیرکردنەوەکانیان تێکەڵ کردووە.

لەم دۆخەدا دەمانەوێت ئاماژە بە شەش لایەن بکەین کە وایکردووە لەم ساڵانەی دواییدا نەوەی ئەڵڵا زیاتر و زیاتر بەرچاو بکەوێت و ڕۆڵێکی گرنگ و چالاك لە کۆمەڵگاکەماندا بگێڕێت. ئەم لایەنانەی لێرەدا دەستیان خراوەتە سەر، پێشمەرجێک پێکدەهێنن بۆ ئەوەی بتوانین لە بنەڕەتدا لە ڕەهەندە جیاوازەکانی دیاردەکە تێبگەین.

1. باسەکەی ئێمە زیاتر ئاڕاستەی گەنجانی نەوەی دووەم یان سێیەمی کۆچبەران دەکرێ. واتە ئەو گەنجانەی زۆر باشتر دەتوانن بە زمانی ئاڵمانی قسە بکەن و زۆر زیاتر لە دایک و باوکیان یان باپیرانیان چاوەڕوانیی لێهاتوویی خۆگونجانیان لەم کۆمەڵگایەدا لێدەکرێ. بۆیە کاتێک باس لە خستنەڕووی بیرۆکەکانیان بە ئاشکرا لە کۆمەڵگە سەرەکییەکەدا دەکرێت، ئەوان لێهاتوویی زیاتر و

متمانەی زیاتریان بە خۆیان هەیە. ئێمە لێرەدا چیتر مامەڵە لەگەڵ کۆچبەران ناکەین، بەڵکوو هەڵسوکەوت لەگەڵ گەنجانێك دەکەین کە بە تەواوی ئاڵمانین. ئەمە نابێ لەبیر بچێت! ئەم گەنجانە بەشێکن لە کۆمەڵگاکەمان - هەربۆیە کێشەکانیان و ئەو ڕووبەڕوووەستان و کێشانەی بۆمان دروست دەکەن بەشێکن لە کێشەی کۆمەڵگاکەمان.

2. لە بنەڕەتدا مرۆڤ دەتوانێ تێبینی ئەوە بکات گرنگیی ئایین لەم ساڵانەی دواییدا زۆرتر بۆتەوە و بەردەوامیش لە زۆربووندایە. ئەم لێدوان و بۆچوونەش لە سەرانسەری جیهان کاریگەرییەکی وەك یەکی هەبووە. هۆکارەکان لە سەرووی هەموویانەوە لە بەرزبوونەوەی پێویستییە ڕۆحییەکاندا دەبینرێن کە بتوانن لەناو جیهانێکی تادێت نایەکسان و سەرلێشێواودا بگەڕێنەوە سەر بەها و بیرۆکە جێگیرەکان هەروەها دۆزینەوەی پشتگیری و ئاراستەکردن. ئەمە بە تایبەتی گەنجانیش دەگرێتەوە.

3. جگە لەوەش ئەو وڵاتە موسڵمانانەی زۆرێک لە باپیرانی ئەو گەنجانە لێیەوە هاتوون و هێشتا خێزانیان لەو شوێنانە هەیە، بە بەردەوامی

تووشی ململانێی خێزانیی دەبنەوە. ئەم ناسەقامگیرییە ڕەنگە کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەندامانی خێزان وەك باپیرە، داپیرە، پوور و خاڵ کە لەوێ دەژین، گەنجانی نیشتەجێی ئورووپا لەسەر ڕەگ و ڕیشە و پاشخانەکانیان هەستیار بکات. ململانێ و شەڕ لە ناوچە موسوڵمانەکانیش زۆرجار هەڵسوکەوتی سیاسی لێ دەکەوێتەوە کە تێیدا ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا و ئورووپا ناچار دەکرێن بڕیاری قورس بدەن. ئەوەی ئەم بڕیارانە هەمیشە باشترین چارەسەری لێنەکەوتۆتەوە، بێگومان بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە گەنجانی موسڵمان ناسنامەی خۆیان لەگەڵ کولتوورەکەیان زیاتر گرێبدەن.

4. ئەگەر ئەم گەنجانە بە ئەزموونی دوورخستنەوە لە کۆمەڵگەی دەوروبەریان گەورە بوون، ئەوا پێویستیان بە ناسنامەیەکی نوێ دەبێ و بەم شێوەیە جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵگەی زۆرینە یاخود سەرەکیی بەرز دەبێتەوە. ئەم دابڕانە نەک هەر لەبەر ئەوە ڕوودەدات کە کۆمەڵگەی زۆرینە جیاکارییان لەگەڵ دەکات، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە هەندێک خێزاندا ڕەتکردنەوەی ئەم کۆمەڵگایە و بەهاکانی بەشێکی گرنگە لە ڕەوتی پەروەردەکردنیان.

5. هەروەها زۆر گرنگە کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی یاخود موسڵمان بە تایبەتی و بە شێوەیەکی ئامانجدار کۆنترۆڵی موسڵمانانی ناوخۆی ئاڵمانی لە ئاڵمانیا دەکەن. ئەردۆغان لە تورکیاوە ئەم کارە بە شێوەی سیستماتیك بەڕێوەدەبات، بە هەمان شێوە ئەم خۆتێهەڵقوتانە لەلایەن ئیخوان ئەلموسلیمین لە میسر و قەتەر و سەلەفییەکان لە سعودیە بەڕێوەدەچێت. مەرج نییە سەرچاوەی دارایی بێت، بەڵکوو ئەو وزە و کاریگەرییەیە کە لەو ڕێگەیەوە مرۆڤی موسوڵمان لە ئاڵمانیا وەریدەگرێ. لە لایەکەوە ئەمە لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە مسووگەر دەبێت. بەڵام ئەمە بە پلەی یەکەم ئامانجی کارتێکەریی لەسەر نەوە کۆنەکانە. بەڵام وەك نەریت بەردەوام هەر چەند جارێك واعیزان سەفەر بۆ ئاڵمانیا دەکەن و کۆبوونەوە ساز دەکەن. بۆ ئەم کارەش ئیمام لە تورکیا ڕادەهێنرێن و پاشان بۆ شوشتنەوەی مێشکی موسوڵمانان ڕەوانەی ئاڵمانیا دەکرێن.

6. دوا لایەنی گرنگ پەیوەندی بەمەوە هەیە: ژمارەی ئەو واعیزە توندڕەوانەی بە تایبەتی ئامانجیان دەستڕاگەیشتن بە گەنجانە لە ئاڵمانیا، لەم دواییانەدا گەلێك بەرز بۆتەوە. ئەم واعیزانە

نەک هەر بە زمانی ئاڵمانی قسە دەکەن، بەڵکوو دەشزانن چلۆن لە زاراوەی زمانی گەنجان کەڵکوەرگرن. کارە میسیۆنەرییەکانیان لەلایەن پڕوپاگەندای ئیسلامی بەربڵاوەوە پشتگیری دەکرێت کە لە ئینتەرنێتدا بڵاودەبێتەوە. بەم شێوەیەش دەتوانرێت بگاتە ئەو گەنجانەی کە پاشخانی کۆچبەرییان نییە یان ئەو گەنجانەی کە پێشینەی کۆچبەری غەیرە موسڵمانیان هەیە و پێشتر هیچ پەیوەندییەکیان بە ئیسلامەوە نەبووە. هەروەها ئەوانیش سەر بە نەوەی ئەڵڵان.

مشتومڕ لەسەر ئیسلامیزم لە ئێستادا – بە شێوەیەکی پێویست – لە هەموو شوێنێك ئامادەیە. ئەمەش ئەرکێکی جەوهەرییە و هاوکاتیش بەهۆی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ناکۆکییەکە گەلێك کێشەدارە. ئەو باس و مشتومڕانەی کە خۆم چاوەدێرییان دەکەم، "نەزانی" تێیاندا گەلێك زاڵە: "بێهەڵوێستی". مشتومڕەکە یەک ڕەهەندی و ڕووکارییە، نەک هەر لەناو دانیشتووانی ئاساییدا، بەڵکوو لە ناو سیاسەتوانانیشدا ناوەڕۆکێکی گەلێك بێهێزی هەیە. بێ بایەخکردن ئەرکێکی ڕۆژانەیە کاتێک باس لەسەر گەیشتن بە بنەڕەتی سەرچاوەی ڕادیکالیزم دەکرێت. نەبوونی چەمکێکی دروست بۆتە هۆی ئەوەی مرۆڤ نەتوانێ

بەرپەرچی ئەم پێشهاتانە بداتەوە. لە کۆتاییەکەشیدا دەرکەوتنی چالاکیی کوێرانە لە گۆڕەپانەکان دەبێتە هۆی پراکتیزەکردنی ترساندن لەناو کومەڵگاکاندا.

بەڵام مشتومڕ و کاری خۆپاراستنی سەرکەوتووی دواتر کە بەرەنگاری مەیلە ڕادیکاڵەکانی داهاتوو دەبێتەوە، تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ سەرکەوتوو بێت کە لە لایەک باس لەسەر ئیسلامیزم بە بێ تابوی ساختە بەڕێوەبچێت، بە بێ بێبایەخکردن و بێ بوختانی ئامانجداری ئەو کەسانەی کە بە ناوی خۆیان بانگەواز بۆ کێشەکان دەکەن و ئاماژە بە نارەزایەتییەکان دەکەن. جگە لەوەش ئەم کارە تەنیا کاتێک دەتوانێ کاریگەرىی هەبێت کە وەک گفتوگۆیەک بۆ کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوەبچێت. لە جیاتی ڕووبەڕوو وەستانی کۆمەڵگا بە گشتی بۆ ئەوەی سەیری کێشەی ئیسلامیزم بکات، بەڕێوەچوونی گفتوگۆکە بە شێوەیەک بێ کە موسڵمانان وەک گروپێکی جیاواز پیشان بدات، هەنگاونان دژ بە ئیسلامیزم قورستر دەکات. مشتومڕێکی لەو شێوەیە دەتوانێ موسڵمانان چەواشە بکات و لە جیاتی ئەوەی وەك بەشێک لە چارەسەرەکە بیانخاتە نێو ئەم بابەتەوە، لە باسەکە دووریان دەخاتەوە: کۆمەڵگەی دیموکراسی زۆرینە. ئێمە دەبێ بێ ترس قسە بکەین و ئەم قسەکردنە لە ناوەندی کۆمەڵگاکەماندا بچەقێنین.

توندڕەوی ئیسلامی ڕادیکاڵ کە بەشێکی موسڵمانی دانەبڕاوی سەرانسەری جیهانن، شەڕیان لەهەنبەر کۆمەڵگەی بەها ئینسانییەکان ڕاگەیاندووە. نارەزایی پەرشوبڵاو لە دژی کۆمەڵگەی زۆرینە دەوروژێنرێت و بەربەرەکانی لە دژی بەهاکانی دەکرێت. ئەمەش خۆی ڕەتکردنەوەی فۆرمەکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و یەکتر سەلماندن، هەروەها چاندنی نارەزایەتییە زاڵبووەکانی وەک دژە جوولەکەگەرایی یان دژە ئەمریکی بوون دەگرێتەوە.

بێگومان زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانی ئاڵمانیا بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە، ئایدۆلۆژیای دژەمرۆڤانەی جیهادیزم ڕەتدەکەنەوە و لە ئاکامەکانی دەترسن. سەرەڕای ئەوەش، سیاسەتوانان، دامەزراوە پەروەردەییەکان و هەموو تاکێک تا ئێستا لە بەرامبەر کێشەی ڕادیکاڵبوون و هۆکارەکانی بە ڕادەیەکی زۆر بێدەسەڵات بوون. زۆر جار هەندێک چارەسەر یان ستراتیژی تەنانەت دەتوانن کاریگەریی پێچەوانەیان هەبێت. هەروەها لەو شوێنانەی پرۆژەی مانادار هەیە، زۆرجار تەنیا لە دەستی دەستپێشخەرییە تاکەکەسییەکاندا دەمێننەوە و ناتوانن کاریگەرییەکی گشتگیریان هەبێت.

بێ گومان هەڵە دەبێ ئەگەر بڵێین ئیسلام وەک هاندەر تاوانبارە بۆ ئەم پێشهاتانە. بەڵام بە هەمان شێوە سوودی

نابێ ئەگەر بە نیازی بەرگری لە ئایین بڵێین داعش و سەلەفییەکان لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکیان بە ئایینەوە نییە. هەرکەسێک بیەوێت بەرپەرچدانەوەی ڕادیکالیزمی ئیسلامی بداتەوە، دەبێ پرسیار لەسەر ڕێچکەی سەرکەوتنیش بکات. سەلەفی و جیهادییەکان لە کوێوە دەست بە بەڵگەهێنانەوەی مشتومڕەکانیان دەکەن؟ هۆکارەکانی سەرکەوتوویی پڕوپاگەندەکانیان لەسەر زەوییەکی بەپیت چین؟ هەرکەسێک لێرەدا بەدوای وەڵامی ساکاردا بگەڕێت، لە تێگەیشتن لە نەوەی ئەڵلا دا هەرەس دێنێ - هەروەها لە ڕێنوێنیکردنیان بۆسەر ڕێگایەکی جیاوازیتر.

بەڕای من مەترسییەکی بنەڕەتی ئیسلامی ڕادیکاڵ لە جیاوازییەکانی نێوان تێگەیشتنێکی میانڕەو لە ئیسلامدا نییە، بەڵکوو لە لێکچوونەکانیدایە. هەمیشە خاڵگەلێک هەن کە ئیسلامیستە توندڕەوەکان دەتوانن خۆیانی لەسەر بنیات بنێن.

بۆ ناوهێنانی تەنیا چەند نموونەیەک: هەندێک لە ئیمامە میانڕەوەکان ئاهەنگ بۆ قوربانیبوونی موسڵمانان دەگێڕن، هەندێک وێنەی دوژمن وێنا دەکەن، بانگەشەی فێرکاری پاک هەروەها پابەندبوونی کوێرانە بە هەموو فەرمان و تابوەکانی ئایینییەوە دەکەن. ئیدیعای خاوەندارێتی ڕەها و ڕاستەقینەبوونی ئایینەکەیان شانبەشانی قەدەغەکردنی

پرسیارکردن لە لێدوانەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بەڕێوەیە. لێکدانەوەی نوێ و هاوچەرخ بۆ قورئان و دۆزینەوە زانستییەکان لەسەر مێژووی ئیسلام زۆرجار نە ڕێگەی خوێندنەوەیان پێدەدرێت و نە باسیان لێوەدەکرێت.

ئەمە ڕەوتێکە کە لە زۆرێک لە خێزانە موسڵمانەکاندا بەردەوامە. لە کارەکانمدا چەندین جار تووشی خێزانە پیاوسالارەکان بووم کە ئەو پەروەردەیەی لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی توندوتیژ دامەزراوە، هێشتا تێیاندا بەڕێوەدەچێت. ئەمەش زۆرجار شانبەشانی سەرکوتکردن و بەتابۆکردنی سێکسییەت بەڕێوەدەچێت. جگە لەوەش، توندوتیژی لە پەروەردە گرێدراوە - هەروەها لە ڕەوتی زارەکیش. شتێکی نامۆ نییە هەندێک لە دایک و باوکان شتگەلێکی وەک "دەتکووژم"، "سەرت دەبڕم" یان "هیوادارم بمری! بە منداڵەکانیان بڵێن".

ئەمانە هەموو لایەنەکانی پێداگۆگییەکی ترسێنەرن کە خاڵی دەستپێکی ئایدیاڵ بۆ ڕێکخراوە ڕادیکاڵەکان پێکدەهێنن. ئەم هۆکارانە پێکەوە دەبنە هۆی گەشەکردنی کارەکتەر، واتە کەسایەتیی لاواز کە ناتوانن پەرە بە متمانەپێکردنی خۆیان بدەن و لە ئەنجامدا خۆلادان لە هەموو شتێکی نامۆ وەک هەڕەشەیەک هەست پێدەکەن و کاردانەوەیان بە هەڵسوکەوتی شەڕەنگێزی کۆتایی پێدێت.

ئەگەر ئەم هۆگرییە کەسییە شانبەشانی بەهێزکردنی وێنەی نەریتیی دوژمن بڕوات، ئەوا بەستێنێکی بە پیت بۆ ڕق و کینە ئامادە دەکرێت. سەر بە گروپێک بوون بە تایبەتی بۆ ئەو گەنجانە گەلێك سەرنجڕاکێشە کە پەروەردەیەکی لەو چەشنەیان بووبێ، چونکە بەڵێنی گرنگایەتیی کەسییان پێ دەدرێ، کە تا ئێستا لەناو خێزانەکەیاندا لێیان زەوت کراوە.

من خۆم هەموو ڕۆژێك شاهیدم کە ڕێکخراوە ڕادیکاڵەکان چلۆن و بە چ ئامرازێک پڕوپاگەندەکانیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی سوود لەو ڕاستییە وەربگرن کە گەنجان بە تایبەتی وەرگری ئامۆژگارین و زۆر زوو فریو دەدرێن. واعیزانی ئیسلامی توندڕەو بە تایبەتی منداڵان دەکەنە ئامانجی خۆیان. ئەو منداڵانە زۆرجار بەهۆی ئەو یاری پێکردنەیان تووشی بارودۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبن: ئەو گەنجانەی کە پاشخانی خێزانی، کۆمەڵایەتی و قوتابخانەیان توانایی دروستکردنی چوارچێوەیەکی پڕ لە ژیانی ئەمن و پێدانی ناسنامەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەروەها گەیاندنی بەهاکانی ئینسانی نییە – بەتایبەت بۆ ئەو گەنجانەی دۆخی مێژووی کۆچبەریی خێزانیان هەیە، شتێکی نامۆ نییە، چونکە ئێمە کولتوورێکی ڕاستەقینەی جێگر لە ئاڵمانیا پێشکەش بەو گەنجانە ناکەین. بەڵام ئەوە تەنیا ئەو مرۆڤانە نین کە لە ژیانیاندا

سەرکەوتوو نەبوون و لەلایەن ڕادیکاڵەکانەوە ڕاکێشراون، بەڵکوو ئەوانەی ژیانێکی سەرکەوتووانەش بەڕێوە دەبەن، دەکرێ ڕابکێشرێن.

کۆمەڵگا بە هۆی ئەم گەنجانەوە ئەرکی گەلێك زیاترە. ئێمە هەمووومان بەو مەترسییانەی هەڕەشە لە گەنجەکانمان دەکەن ئەرکی مەزنمان لەسەر شانە. چونکە تا ئێستاش بە ڕادەی پێویست لەو دەروونناسیەی لە پشتی کێشەکانەوە وەستاوە، تێناگەین. بەڵام چلۆن دەستمان بەو گەنجانە ڕابگات، پێش ئەوەی کۆمەڵگاکەمان بەجێبهێڵن؟ یان پێش ئەوەی لە شەڕێکی دڕندانەدا لەدەستیان بدەین؟

من لەسەر ئەو قەناعەتم ڕێگایەکی عاقڵانە بۆ چارەکردنی ئەم کێشەیە هەیە. لە ساڵانی بەربەرەکانیم لەهەنبەر ڕادیکالیزمدا، فێربووم کە مرۆڤ دەتوانی هەڵەکانی دەستنیشان بکات هەروەها چ دژە ستراتیژییەک دەبێتە هۆی گۆشەگیری زیاتری ئەم گەنجانە. هەروەها توانیم ئەزموون بکەم چلۆن نزیکبوونەوە دەتوانرێت بەڕێوە بچێت و چۆن ڕۆشنگەری بەدەست دەهێنرێت. چۆن لە ڕێگەی کاری تەرکیزکراو و بەردەوامەوە، تەنانەت ئەوانەی پێشتر خۆیان بەدەست پروپاگەندەی ڕادیکاڵەوە یەخسیر کردووە، دەتوانرێ دووبارە تێکەڵ بە کۆمەڵگاکەمان و سیستەمی بەهاکانمان بکرێنەوە.

له ئێستادا وێدەچێ سەلەفییەکان توێژەری کۆمەڵایەتی باشتر بن بۆ ئەو گەنجانە و لە خزمەت بە پێداویستییەکانیاندان. لەو شوێنە هەڵیاندەگرن کە پێشتر ون و سەر لێ شێوا ماونەتەوە. ئەوان هەوڵ دەدەن بە زمانێک لەگەڵیان قسە بکەن کە ئەم گەنجانە لێی تێبگەن. بەڵام بۆچی ئێمە خۆمان ئەو کارە ناکەین؟ بۆچی ڕێگەیان پێدەدەین بە شێوەیەکی ساکار بکەونە چنگی ڕادیکاڵەکانەوە کاتێ دەزانین بە ئایدیۆلۆژیای نامرۆڤانەی خۆیانەوەیان دەبەستنەوە؟

زۆر گرنگە چیتر خۆمان لەو ئەرکە گرنگە نەکێشینەوە و بە پەرۆشەوە ئەو ئاگرەی تێیان بەرداون بکووژێنینەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئێمە دەبێ هەڵوێست بگرین. کێشەکانی ناو کۆمەڵگا بە گشتی زەق کەینەوە بۆئەوەی لە درێژخایەندا ئەزموونی باشی لێوەرگرین و لە ئاستێکی فراواندا هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشە، پێداویستی و مەترسییەکانی نەوەی ئەڵلا بکەین. ئێمە بۆ چارەی پرۆژە و دەستپێشخەرییە تاکەکەسییەکان چالاکیی و بەشدارییەکی گەلێك کەممان هەیە.

پێویستە کاری خۆپاراستن بکەینە بابەتێکی سیاسی واتە بەشداریی لەو ڕێوشوێن و ستراتیژییانە بکەین کە ئامانجیان پێشوەختە ڕێگریکردنە لە پێشهاتە نەخوازراوەکان یان

مەترسییەکان. ئێمە دەبێ بە گشت ئەم چەشنە ڕاهێنانە بگۆڕین. هەروەها دەبێ چاکسازی و ڕێفۆڕم بۆ تێگەیشتنی ئێستای ئایینی ئیسلام لەسەر ئەو خاڵانە بکەین کە ڕێگا بۆ ئیسلامیزم خۆش دەکات. پێویستە لە کۆمەڵگاکەماندا دۆخێکی هۆشیاریی لەسەر چەمکی توندوتیژی دروست بکەین. توندوتیژی تەنیا لەو شوێنە دەست پێناکات کە لە ڕووی فیزیکییەوە بەکاردەهێنرێت. باوەکوو فرەژنیش چەشنێکە لە توندوتیژی. کاتێک منداڵان بە دۆزەخ و جنۆکە هەڕەشەیان لێدەکرێت، من ئەمە وەک هەڵسوکەوتێکی توندوتیژی دەبینم. کاتێک ژنان لەبەر ئەوەی ڕووپۆشییان بەسەرەوە نییە، دادگایی دەکرێن، ئەوەش خۆی چەشنێك لە توندوتیژییە.

یەك لەو شوێنە ناوەندییانەی پەروەردە دەبێ تێیدا ڕووبدات، قوتابخانەیە. بەڵام وێنەکە بە تایبەتی لە قوتابخانەکاندا جێگەی داخە. نەک هەر مامۆستاکان، بەڵکوو وانە و پرۆژەی خوێندنەکانیش ئامادە نین بۆ ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە: ئەو نیگەرانییەی نەوەی ئەڵڵا زیاتر و زیاتر لە ناوەندی کۆمەڵگا دوور دەخاتەوە، بەردەوام بەرێوەدەچێ.

ئەگەر لە بنەڕەتدا ئەم دۆخە نەگۆڕین، ئەو دیمەنانەی بەردەوام ڕووبەڕوویان دەبینەوە، دەبنە بەشێک لە ژیانی

ڕۆژانە: بۆ نموونە کوڕێکی تەمەن تەنیا هەشت ساڵان کە وەک چەشنێك لە نیشانە ملوێنکێکی ناسنامە لە ملی خۆی دەبەستێت، وەک ئەوە دێتە بەرچاو کە سەرباز بە شێوەیەکی ئاسایی میداڵیا بەخۆیدا هەڵدەواسێ. کاتێک پرسیاری لێ دەکرێ، ڕوونی دەکاتەوە کە شتەکەی وا لا پیرۆزە، وەک سەربازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی رێگاکەی خۆی بۆ بەکوشت دەدا. یان ئەو خوێندکارانەی بە بێڕێزیەوە منداڵی مامۆستا ژنەکەیان بە "زۆڵ" ناودەبەن، چونکە بە بێ هاوسەرگیری منداڵی بووە.

منداڵان پێویستیان بە سیستەمێکی بەهای ئینسانی هەیە کە بتوانن خۆیان تێیدا ئاراستە بکەن. ئێمەی گەورەساڵ بەرپرسیارین بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی ئەو بەها ئینسانییانەی هاوتا بن لەگەڵ مافە سەرەتاییەکانی دیموکراسی. دەبێ منداڵان فێر بکرێن مرۆڤتر بن و ئەو کەسانەی جیاواز بیردەکەنەوە ڕێزیان لێ بگرن و بێ بەهایان نەکەن.

لە سەرووی هەموو شتێکەوە لێرەدا سیاسەتی دروست پێویستە. پێویستە سیاسەتوانان ئازایەتی و بوێرییان هەبێت و بە ڕوونی و شەففافی چارەسەری کێشە تایبەتەکان بکەن. چیتر نابێ خۆیان لە پشت فۆرمولەی نیازپاکی و گوایە لێبوردەیی بشارنەوە. چونکە ئەگەر سەرۆکی ئاڵمانیا ئەو لێدوانە دووپات بکاتەوە کە سەرۆکی پێشووی فیدراڵی

وۆڵف"Wulff" له ماوەی بەرپرسیاریەتی خۆیدا جەختی لەسەر کردبوو: "ئیسلام بەشێکە لە وڵاتی ئاڵمانیا"، ئەوە کام کێشە چارە دەکات؟ لێرەدا باسێکی سەرسەری لەسەر ئیسلام دەکرێت، بەڵام مەبەست لە کامە تێگەیشتنە لە ئیسلام؟

بەبێ گوێدان بەم سەرسەریگرتنە گشتگیرە، زۆربەی موسڵمانان بە سوپاسەوە ئەم دانپێدانانە قبوڵ دەکەن. ڕەنگە ئەوە شتێکی باش بێ، بەڵام بۆ زۆرێک لە مرۆڤی غەیرە موسڵمان، ڕستەیەکی لەو شێوەیە دەتوانێت ترس و دڵەڕاوکێ دروست بکات یان ئەو ترسەی هەیانە بەهێزتر بکات. ئەم چەشنە ترسانە ناتوانرێت لە سەرانسەری وڵاتدا پشتگوێ بخرێن یان ئیدانە بکرێن.

بێگومان ترس هەن کە لە بێگانەپەرستییەوە سەرچاوە دەگرن، یاخود تەنیا لەوەوە سەرهەڵدەدەن کە کەسێک ئایینێکی جیاوازی هەبێ یان جیاواز دەربکەوێت. بێگومان ئەرکی سیاسەتوانانە و دەبێ بەرپەرچی ئەو چەشنە ناڕەزاییانە بدرێتەوە: نەک هەر بە هێورکردنەوەی ترسی خەڵک، بەڵکوو بە چاکسازی لە تێگەیشتنێکی شەففاف لە ئایینی ئیسلام کە بە دڵنیاییەوە قاو بۆ ئەم چەشنە ترسانە دەکات.

لەم دواییانەدا توانیومانە تێبینی ئەوە بکەین بۆچی زۆر گرنگە تەنانەت لەم بوارە هەستیارانەشدا بە ڕوونی قسە و دیالۆگی لەسەر بکەین و ئەو ناکۆکی و کێشە گەرمانەی ڕێکخراوەی پێگیدا "Pegida"[1] باسیان لێوەدەکات، چاوەدێری بکەین. ئەگەر ئێمە وەک کۆمەڵگای زۆرینە چارەسەری ئەم کێشانە نەکەین، ئەوا ئەوانەی تەنیا ئارەزووی وروژاندنی نارەزایی و هەڵگیرساندنی ترسیان هەیە، دەردەکەون. دەبوو لە مێژووەوە فێربین چی ڕوودەدات کاتێک گروپە پەراوێزە توندڕەوەکان دەرفەتی قسەکردنیان پێدەدرێت، بە تایبەت کاتێک بە گشتی باس لە خاڵە ڕەخناوی و ئاستەمەکانی کۆمەڵگا دەکرێت.

کاتێک دەڵێم مشتومڕێکی نێوخۆیی ئیسلامیش بکرێت، پێش هەموو شتێک گرنگە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئیسلام خۆی لێرەدا بوونی نییە، بەڵکوو ئەوە لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر ئیسلامە کە بوونیان هەیە. هەروەها دەمەوێت زۆر بە ڕوونی ئەوە بڵێم کە ئایدۆلۆژیای سیاسی بەشێک لە ئیسلام نییە. لە ئێستادا وێدەچێت ئەوە ئیسلامی سیاسی بێت کە نوێنەرایەتی ئایینی ئیسلام لە ئاڵمانیا دەکات. ئەم ئیسلامە ئیدیعای حەقیقەتی گەردوونی

---

[1] پێگیدا (ئەوروپییە نیشتمانپەروەرەکان دژی ئیسلامیکردنی ڕۆژئاوا) بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستی ڕاستڕەو و ڕەخنەگری ئیسلامە کە لە ساڵی ٢٠١٤ لە شاری درێسدنی ئاڵمانیا سەریهەڵدا. دیاردەی پێگیدا نوێنەرایەتی نارەزایی بەرفراوان دەکات لەناو هەندێک لە دانیشتووان، کە خۆی بە بێمتمانەیی بە نوخبەی سیاسی و میدیا و سیاسەتی کۆچبەرییەوە خەریك کردووە.

هەیە، هەروەها لەسەر لێکدانەوەی خۆیان ئیدیعای سەروەری تایبەت دەکات و ڕێنمایی بەرژەوەندی دەسەڵات دەکات. ئەم ئیسلامە ناتوانرێ ڕێگەی پێبدرێت دەست بەسەر مرۆڤی موسوڵماندا بگرێت.

بۆیە بە کارێکی باشی نازانم ئەگەر بە شێوەیەکی جیاوازنەکراو ئەم ئیسلامە سیاسییە بە بەشێك لە ئاڵمانیا دابنێین. ئەوە کارێکی دروست نییە. تێگەیشتنێک لە ئیسلام کە لەگەڵ بەهاکانی دیموکراسیدا بگونجێت، بەشێکە لەم وڵاتە. مرۆڤی موسڵمان سەر بە ئاڵمانیان، نەک تێگەیشتنی ئایدۆلۆژی بارگاویکراوی ئیسلامیستەکان.

چونکە ئەم ئیسلامە سیاسییە ئیسلامی ئەو مرۆڤەی چینی ناوەڕاستی بەرلین-زێهلندۆرف "Berlin-Zehlendorf"ە نییە کە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا جەژنی قوربان دەگرێت. هەروەها ئیسلامی ئەو گەنجە ڕۆشنبیرە ڕەخنەگرەش نییە کە لە زانکۆ دەخوێنێت. ئیسلامی ئەو هەموو ڕۆشنبیرانەش نییە کە ڕۆژی هەینی دەچنە مزگەوت و نوێژ دەکەن، بەڵام دینەکەیان وەک ئەرکێکی کەسیی خۆیان سەیر دەکەن.

ئیسلام، ئایینی زێدەڕۆی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی دایکیشم هەرگیز نەبووە، کە تا ئێستاش لەو شارۆچکە بچووکە

عەرەبییەی ئیسرائیل دەژی و من لێی لەدایک بووم. هەروەها ئیسلامی منیش نییە.

ئیسلامی من جیاوازە لە ئیسلامی بانگخوازانی ڕق و کینە. هەروەها ئیسلامێکی جیاوازە لە ئیمامەکان کە هەموو ژیانی مرۆڤ بەسەر "حەلال" و "حەرام"، چاك و خراپدا دابەش دەکەن، هەڕەشەی دۆزەخ بۆ سەر ئەو کەسانە دەکەن کە لێکدانەوەکانیان بۆ قورئان جیاوازە یان خۆیان بە تەواوی پابەندی ئەو یاسا و ڕێسای ڕەفتارییەی کە دایانناوە، ناکەن.

لە ئیسلامی مندا هیچ سزایەک نییە ئەگەر جارجارە پەرداخێک شەراب بخۆمەوە. لە ئیسلامی مندا هەڵسوکەوتی سێکسی شتێک نییە کە پێویستی بە سەرکوتکردن هەبێت. ئیسلامی من کراوەیە بۆ ڕەخنە. من ناترسێنێت، کەسیتریش ناترسێنێت.

ئیمان لە کوێ کۆتایی دێت و ئیسلامیزم لە کوێوە دەست پێدەکات؟ سنوورەکان وەك چۆمێکی خوڕن. هەر بۆیە جیاوازیدانان گەلێك گرنگە. هەروەک چۆن دەبێت جیاوازی دابنرێت کاتێک باس لەوە دەکرێت، باوەڕ دەبێتە هۆی توندوتیژی.

چلۆن هەڵسوکەوت بکەم کاتێک منداڵەکەم دەپرسێت بیچمی خودا چلۆنە؟ ئایا لێی دەدەم - کە لە هەندێک

خێزاندا ڕوودەدات بۆ ئەوەی منداڵەکانیان وا ڕاهێنن کە ئەم پرسیارە بە تەواوی قەدەغەیە؟ یان وەڵامی دەدەمەوە کە نایزانم و هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە بۆچی ئەمە پرسیارێکە بەو هاسانییە وەڵام نادرێتەوە؟ کەواتە ئەوە تەنیا پرسی ئیمان نییە، بەڵکوو گەلێك گرنگە: لە کوێی ئەم تەرازووەی نێوان تەقوا و ڕادیکالیزم وەستاوم؟ ئایا ڕێگە دەدەم گومان لەسەر ناوەڕۆکی بیروباوەڕەکانم بکرێت؟ تەنانەت هانیشیان دەدەم؟

هەروەها بۆیە ئەوەندە ئاگاداری ئەم جیاوازییەم چونکە قۆناغێک لە ژیانمدا تێپەڕی کرد، بیرکردنەوەم لە ژێر کاریگەری ئیسلامی ڕادیکاڵدا بووە هۆی ئەوەی کەسانێکم ڕەتکردەوە کە لەگەڵ هەموو یاسا، قەدەغە و بیروباوەڕ هاوبەشی ئیمانم نەبوون و سووکایەتیم پێدەکردن.

تەواو لەبەر ئەویە، دەزانم چ هۆشدارییەك بە مرۆڤ بدەم. من توانیم بیرۆکەکەم بگۆڕم. هەروەها ئەوەش دەزانم کە من لەگەڵ ئەو ئیسلامەی ئەمرۆ لێی تێدەگەم تەنیا نیم. ئەمە خۆی لەخۆیدا هیواداریی دێنێ. بەڵام کارێکی گەلێك چەتوون لە پێشمانە ئەگەر بمانەوێت شێوازی بیرکردنەوەمان بگۆڕین. پێویستە هەر ئێستا دەست پێبکەین. هەروەها پێویستە هەمیشە بۆمان ڕوون بێت: بەرەنگاربوونەوەی ڕادیکاڵبوون تەنیا ئەرکی دەسەڵاتە

ئەمنییەکان نییە. هەروەها تەنیا قوتابخانە یان دایک و باوکان بەرپرسیار بۆ ئەو کێشەیە نین. موسوڵمان و غەیرە موسوڵمان دەبێ گۆڕان بەسەر شێوازی بیرکردنەوەیاندا بێنن. ئێمە هەموومان بۆ ڕووبەڕوووەستان دەبێ ئامادە بین. بەرەنگاربوونەوەی ئایدیۆلۆژیای ڕادیکاڵبوون پرۆژەیەکی گشتی کۆمەڵگایە، دەرئەنجامەکەی داهاتووی هەموومان دیاری دەکات، بەڵام لە سەرووی هەمووشیانەوە ژیانی داهاتووی منداڵەکانمان دیاری دەکات.

کاتێک لەم لاپەڕانەی خوارەوەدا چارەسەر بۆ ڕزگاربوون لە ڕادیکاڵیزم دەخەمەڕوو، ئارگۆمێنت و قەناعەتەکانم بە بەستێنی چەند تێز و ڕێنماییەوە دەبەستمەوە. ئەو تێز و پێشنیارانە لێرەدا بە کورتی دەخرێنەڕوو - بەو هیوایەی کتێبەکەم بتوانێت وەڵامی جێی متمانە و ستراتیژی جێبەجێکراو پێشکەش بکات.

- بەلایەنی کەمەوە دەتوانرێ لە سەدا ٨٠ی ڕادیکاڵەکانی داهاتوودا ئەو قەناعەتە پێکبێنن کە بەشێکی زۆر لەوانەی دەتوانن دوارۆژ توندڕەو بکرێن لە ئێستاوە لە ڕێگەی ڕێوشوێنی خۆپارێزی یان دەستێوەردانی پێشوەختەوە چارەسەر بکرێن و کاریگەریی زێدەڕۆیانیان لەسەر لاچێ. واتە هێشتا دەتوانرێت ڕێگری لە ڕادیکاڵبوونی ئەو کەسانە

بکرێت کە لە ڕێگەی کاری زانیاریی ئامانجدار، پەروەردە، پشتیوانی کۆمەڵایەتی یان ستراتیژییەکانی دیکەی خۆپارێزی بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە ڕادیکاڵبوون کاریان لەسەر بکرێ. بەڵام ئەمە پێویستی بە کار و چالاکیی نوێ هەیە. چارەسەرەکانی پێشوو ناتەواو و ناڕەزامەندانە بوون.

- تەنانەت ئەو گروپ و دەستانەی بە بەراورد لەگەڵ داعش بێ زیان دەردەکەون، دەبێت لەلایەن کۆمەڵگاوە چاودێری بکرێن و مەترسییە ئەگەرییەکانیان بۆ سەر دیموکراسی تاوتوێ بکرێن.
- دژە جوولەکەگەرایی یەکێکە لە مەترسییە گەورەکان کە شانبەشانی ئیسلامگەرایی بەڕێوەیە. هێرشەکانی پاریس، ئەوانەی کۆپنهاگن و برۆکسلیش نیشاندەری ئەو بۆچوونەن.

- ئەمە باس لە شەڕێکە - بەڵام ئەوە، شەڕی ڕۆژئاوا دژی ئیسلام نییە، بەڵکوو شەڕی "ئێمە"یە لە دژی مرۆڤی زێدەڕۆ و ڕادیکاڵ: "ئێمە" وەک تەواوی کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیری لایەنگری بەها ئینسانییەکان (لە موسڵمان، مەسیحی، جولەکە و

کەسانی غەیرە ئایینی) دژی ئایدۆلۆژیایەک کە دوژمنایەتی مۆدێرنیتە و هەموو بەهایەکی ئینسانی ناو کۆمەڵگایە، باس لەسەر شەڕی بەها تاکەکەسییەکانە و دژی پیاوسالاری.

- تا ئێستا مشتومڕێکی چەواشەکارانەی ئێوە-ئێمە لە ئاڵمانیا بەڕێوەچووە. "ئێمە" و "ئێوە" لە ڕووی کولتووریی یان نەتەوەییەوە پێناسە دەکرێن. تا ئەو کاتەی گەنجانی خاوەن پێشینەی کۆچبەری بەردەوام ئەو هەستەیان تێدا پەروەردە نەکرێت کە جیاوازی کولتووری و ئایینییان بەو مانایە نییە کە بەشێک نین لەم کۆمەڵگایە، ئەوا بەدوای ناسنامەی ئەڵتەرناتیڤدا دەگەڕێن. ئەگەر ئەو هەستەیان تێدا پەروەردە نەکرێ، بە هەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن خۆیان لە زۆرینەی کۆمەڵگا دوور بخەنەوە.

- باسکردن لەسەر ڕادیکالیزم دەبێ مشتومڕێک بێت سەبارەت بە بەهاکان، سەبارەت بە گەیاندن و بەهێزکردنی دیموکراسی. دەبێ بەبێ ترس و تابۆ ڕووبدات و لە چوارچێوەی ئیسلامیشدا بەڕێوە بچێت. ئەوەی پێویستە لێکدانەوەی

دیموکراتییانەی ئیسلامە بە هەڵوێستی ڕوون سەبارەت بە یاسا بنەڕەتییەکان.

- پێویستمان بە چاکسازییە لە ئیسلامی پراکتیزەکراودا: ڕاهێنانی ترس، تابۆکردنی سێکسییەت، باوەڕهێنان بە وشە و دەقی پێشتر دیاریکراو، پێداگری لەسەر دۆخی قوربانییکردنی خۆ و وێنەی دروستکراو لە دوژمن، ڕۆڵی نایەکسانی ژن و پیاو و ڕەفزی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و پرسیارکردن، دەبێ ئیتر کۆتایی پێ بێت.

درێژەی هەیە...